# فرمێسکەکان بەفر دەتوێننەوە

**خوێندنەوەیەك بۆ شانۆنامەی** (الدموع تذيب الثلج )*

**بینینی/ چنار نامق**
Chnarnamq @yahoo.com

**ئێمە کە دەڕۆین نەفامانە مل دەنێین ،بەرەو بەهەشتە ئەفسوناوییەکانی ئەندێشەمان ملی ڕێگا دەگرینە بەر، دەمێك بڕیار دەدەین بڕۆین ، ڕەنگە ئاسمانێك نەمابێت چۆلەکە سرکەکانی خەیاڵمان تێیدا لە شەقەی باڵ بداو بفرێت، یا تروسکەی ئەستێرەیەك نییە لەشەوانی تەنهاییدا روحمان بەئارامی ئاشنابکاتەوە، یا درەختێك رازی نییە سێبەر بۆ باڵامان بکات، ئیدی لە زەینی کۆچەردا بستە خاکێك نامێنێ لەسەریدا ڕەشماڵی کۆچەرێتی خۆی هەڵبدات ، کەشارێك نەمێنی لەئامێزمان بگرێت ئیدی خۆمان دەسپێرین بەدەریا وشەپۆلە تورەکان خۆ دەشزانین نەهەنگەکان چەند بێبەزەیین لەئاستی ماسییەکاندا وبێچووەکانی خۆشیان دەخۆن ، دەزانین زستان چەن سەختە ،بەفر چەند میهرەبان وسپییە کەچی تۆزقاڵێ بەزەیی لەدڵدا نییە ، لەوەرزی هاوینانیشدا خۆ دەسپێرین بەبیابان ، خۆمان دەسپێرین بەقەدەر ئەو قەدەرەی بێ ویستی خۆمان لەرییە دەستی نییە وپەنجەمان لێرادەوەشێنێ چاوی نییە وچاومان لێ زەق دەکاتەوە ،نەمانی هیوا یاخود مردنی وادەکات مرۆڤ ڕەش و سپی بۆ لێك جودا نەکرێتەوە و ئاسۆ فراوانەکانی بینینی تەسك ولێڵ دەکات، بەڕادەیەك تا دەگاتە ئەو سنوورەی بەیەك چاو بڕوانێتە ژیان ، و دنیا لەتای ترازوویەکدا دابنێت ئەو دەم بەلای مرۆڤەو گرنگ نییە ڕێگاکە ڕاستە یان چەوت، ڕێی هاتە یان نەهات، ڕێگای مردنە یان ژیان ،مرۆڤ کەرێی سەفەر دەگرێتە بەر دەشێ تروسکەیەك لە ژیانیدا نەمابێت بۆیە دەگاتە ئەو بڕیارە زێد وخاك ودایك و نیشتمان بەجێبهێڵێت ،ئەوەش زادەی ئەو واقیعە تاڵەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا دەسەڵات و چارەنووس چەسپاندوویەتی ، ئێمە لەوەتەی هەین لەناو جەنگداین وچاوەکانمان بە جەنگ هەڵهێناوە و لانکەی ئازار راماندەژەنێ، جگەلە مەرگ وکەسەر چیمان لە سای ژیاندا دروێنە نەکرد ، بۆیە فێرە هەڵاتن بووین، لەو واقعە تاڵە، کە چارەنووس بۆی کێشاوین، خۆ بێئاگاش نین لەوەی چارەنووسمان مەدالیایەو بە گەردنمانەوەیە لەهەر جێیەك بین بەدوماندا دێت ، ئێمە لەسەفەرەکانماندا بەدووی ئارامی وبەختەوەریدا دەگەڕێین، وەلێ ئایا دەگەینە سایەی ئەو درەختە و لەپاڵیدا  نوچێك دەدەین، گریمان لەسەفەردا ڕێی ژیانمان دۆزییەوە ولەمەرگی جەستە دەرباز بووین، بێگومان لەمەرگێکی حەتمی دیکە رزگاربوونمان نییە ،کەمردن وشکستی ناخ ودەروونە، ناخمان نامرێت بەڵکو بەدەم ئازاری مەرگەوە گێنگڵ دەدا دەدات ، کەسێك ئەگەر لەکاتی گیانەڵادا بێ لەجێی جارێك هەموو ساتێك ئاوات بەمردن دەخوازێت . لەدەرەنجامی تووشبوونی بەنەخۆشی کوشندەی نامۆبوون (تغريب ) کەدەبێتە هۆی دۆشدامانی مرۆڤ لەنیوان فرە کلتوریدا ، دەمێ کلتووری خۆی لێنامۆ دەبێت و پێشی قورسە ئاشنای کلتوورەکانی دیکە بێت بەشێوەیەکی دروست ، هەر بۆیە مرۆڤ پەرت دەبێت ، بەرۆح و دڵ لەجێیەکە و بەجەستەش لە جێیەکی دی ، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لاوەکانمان پەشیمانن لەسەفەرەکەیان ، وەلێ لەئەنجامی خوگرتن بەکەشێکی دیکەوە پێیان ئەستەمە جارێکی دی بەکەشی رابردوو ئاشنا ببنەوە ولەنێویدا بتوانن ژیان ببەنە سەر ئەمەش بۆ خۆی دۆشدامانێکی گەورەیە لەئاستی واقعدا کە وا دەکات مرۆڤ لەهەر جێیەك بێت هەست بەنامۆیی دەکات چونکە تۆوی نامۆییلەناخدا دەروێت ، زۆر جار مرۆڤ ژیان بە ململانێی دادەنات لەپێناوی ماندا بۆیە بەرادەیەك خۆپەرست وخۆویستی لێدەردەچێت ، تائەو ئاستەی لە پێناو بەرژەوەندییە تاکرەوییەکانی خوددا ، هەموو پیرۆزییکان وەلاوە نێت ، بەتێڕوانینێکی تەسکەوە دەروانێتە ژیان وجگەلە خودکەسی دیکەی بیر نامێنێ لەم شانۆنامەیە هەر سێ هاورێ کە بریتین لەسێ کەسایەتی:**

1/ کچ

2/پیاوی یەکەم

3/پیاوی دووەم

هەرسێ پێکەوە بە درێژایی رێگاکانی سەفەر تاڵی وسوێری دەنۆشن لەپێناو یەك ئامانجدا ، کە گەیشتنە بە ئارامی و بەختەوەری، کەچی لەناوەندی رێگاکاندا هەردوو پەنا دەبەنە بەر خواردنی ئەو جەستەیەی بەدرێژایی رێگاکان سۆزوو هاوڕێتی پێبەخشین ،با بڕوانینە ئەم دیمەنە

کچ / گەر ئێمە بەتوانا بووینایە لەنیشتمانی خۆماندا ولاتێکمان دروست دەکرد خەونێك خۆزگەو ئارەزووەکانمان سەربەستانە تێیدا دەفڕی ، وەلێ چونکە بێتوانابووین بۆیە لەڕێگەی ونبووندا دۆش داماوین فەرموون چارەسەرێك ببیننەوە.

پیاوی یەکەم/ چار ئەوەیە هەندێك خواردن بخۆین

کچ / ڕیگەیەك بدۆزنەوە بۆ بەدەسهێنانی خۆراك

پیاوی دووەم / چار ئەوەیە تۆ بخۆین

پیاوی یەکەم /گوتت ناتوانی خواردنمان بۆ دابینکەیت ئەی جوان

کچ / لەکوێ خواردن بهێنم

پیاویدووەم /ئەدی تۆگەورەیماڵەکەمان نیت

کچ / من هێشتا کچم ، رازی نیم وەکو ژنێك بمدوێنن

پیاوی دووەم / هەندێك لێم نزێك بەرەوە ، خۆت دەزانیت لەمێژە خۆشم دەوێیت وئەویندارم بوویت ، وهەموو داخوازییەکانت بۆ جێبەجێ کردووم

پیاوی یەکەم /دەزانیت لەهەموو ساتەکانی ئاسودەییمدا لەگەڵمابووی ساتێك خەونەکانت بەجێ نەدەهێشتم

کچ / چیتان دەوێ

هەردوو پێکەوە / تۆمان دەوێ

کچ /منش ئێوەم دەوێ

پیاوی دووەم / دەزانی چۆنمان دەوێی

کچ /ئەوەندە بەسە دەزانم منتان دەوێت

پیاوی یەکەم / هاوڕێم عیشق بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دروست دەبێت ، پێویستیمرۆڤ وهەستکردنی بەبوونی خۆی وەکو مرۆڤ ، وکۆمەڵێ بەرژەوەندی دیکە ببورە کۆمەڵێ هۆکاری دیکە ،

پیاوی دووەم / پێویستە مرۆڤ خۆشەویستەکەی تێر کات ،

کچ / چۆن

پیاوی یەکەم / بەهەڵە لێمان تێمەگە ئێستاکە زۆرمان برسییە

ئەگەر بەراستی ئێمەت دەوێت دەبێ تێرمان کەیت ،

کچ / لەم چیا بەفرینەدا چۆن تێرتان کەم وخۆراکتان بۆ دابینکەم .

پیاوی دووەم / ئەدی تۆ چی دەکەیت لێرە

کچ / من .... منتان پێدەخورێت

هەردوو بەبەڵی وەڵام دەدەنەوە

کچ /خۆشەویستی وهورێتیمان ، گۆرا بۆ خواردنی جەستەم

پیاوی دووەم / مرۆڤ گەر عاشقی راستەقینە بێت ، چۆن دڵ و عەقڵ وسۆزیدەبەخشێتە مەعشوقەکەی ئاوهاش جەستەیی دەداتێ
کچ/ چەن جاران جەستەم دەبەن ، جێیەك لەجەستەم نەماوە ئارەزووەکانتانی پ*تێر نەکەن ، ئێوە وەکو چەکی شەر بازرگانیتان پێوە کردم .
پیاوی یەکەم: ئای سکم, چەند برسیم, کە شێر برسی دەبێت ناڕوانێتە پێش خۆی.
پیاوی دووەم: چاوەکانم لە برسا سوور بوون.
دەست بە خواردنی کچەکە دەکەن و پاشماوەی جەستەی نامێنێتەوە, پاش تێربوونیان پیاوی یەکەم بە پیاوی دووەم دەڵێت, دەزانی چیمان کرد, گۆشتی خۆمان خوارد من ئێستا هەستەکەم پیاو نیم.
یەکێ لە ئەندامانی لەشم کەمە, ئێستا رقم لە ناوی خۆم دەبێتەوە, پیاوی یەکەم بە دووەم دەڵێت: هەست بەسەرما دەکەم ئەویش دەڵێت: منیش بەهەمان شێوە, پیاوی یەکەم بە پیاوی دووەم دەڵێت: مرۆڤ کە هەست بە سەرما بکات باشتر وایە خۆشەویستەکەی ببینێتەوە, پیاوی دووەم دەڵێت یاخود بیری لێبکاتەوە کچەکە بە بەرچاویدا دەگوزەرێ و گەمە دەکات, زریانی بەفریش بەردەوامە, بەردەبنەوە, هەردووك پێکەوە دەدەنە لێزمەی گریان, بەسەر بەفرەکەدا بەردەبنەوە, وادیارە لە مردن نزیك دەبنەوە, بەردوەوام دەگرین و هەردووك بەدەم گریانەوە پیاوی دووەم دەڵێت خۆشەویستم چیمان کرد, یەکەم دەڵێت سەرمامە, پیاوی دووەم دەڵێت خۆشەویسنم بمانبورە یەکەم لە سەرمان رچیم, پیاوی دووەم, خۆشەویستەکەمان پیاوی یەکەم خۆشەویستەکەمان.
لێرەدا پرسێك دێتە ئاراوە ئەویش چەند جوان دەبوو گەر هەر سێك پێکەوە مردبان, لەم شانۆنامەیەدا "زیاد عابد"ی نووسەر واقیع بینانە دەڕوانێتە مەسەلەی کۆچ و ئاماژە بە نەمانی بەها مرۆییەکان دەکات چۆن بەهامرۆییەکان دەمرن و وەلاوە دەنرێن, مرۆڤ لە پێناو مانەوەی خود و تێربووندا پەنا دەباتە بەر خواردنی گۆشتی یەکدی و دەسەڵاتدار بێدەسەڵات دەچەوسێنێتەوە, ئەمە نەك لە کۆچدا بەڵکو لە واقیعشدا دیاردەیەکی زەق و نامرۆڤانەی ناڕەوا و باوە لە جیهاندا هەمیشە بەرژەوەندییەکان لە ئاستی دەسەڵاتداراندا مل کەچن.
دەسلەڵاتدار خاوەنی هەموو شتێکە کە دەیخوازێت, تۆ بڕوانە پشیلەکان چۆن باڵندەکان دەخۆن, کارمامزەکان چۆن لە دارستاندا راو دەکرێن لەلایەن نێچیرەکانیانەوە, بە پاساوی ئەوەی ئەمە کارێکی سروشتییە و لە ئەزەلەوە بوون بەو شێوەیە هاتۆتە ئاراوە, بەڵام جەخار دەکرا مرۆڤ جیا لەم شێوەیە بڕوانێتە ژیان و مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکاندا بکات, لێرە نووسەر ئاماژە بە نەبوونی بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دەکات, پاش ئەوەی بەهاکان دەمرن فرمێسك و پەشیمانی پانتاییەکانی هزرمان تاپۆ دەکات, پەشیمانیەك کە خەم و ژان بە دەرگای رۆحدا دەدات و پەنجەکانمان پێدەگەزێت و بێهودەیە لە سایەیدا ژیان بێتەوە بەر روحمان و ئایندەمان هەبێت, سەیری گەمەکانی چارەنووس و دڕندەیی مرۆڤ کە بەرەو کوێمان دەبات, بەرەو لوتکەی هەرەسێك کە گەڕانەوە تێیدا دەبێتە مەحاڵ و پەشیمانی کارێکی پوچ و بێمانا, چی فایدەیە لە پاش مردنی ژیان هەروو دەڵێن ئێمە چی دڕندەیەکی گەورە بووین چی وایکرد گۆشتی کەسێك بخۆین کە هاوڕێ و هاودەمی رێگای دووری سەفەرمان بوو.
ئەوەی سەیرە- مرۆڤ لە پێناو نەمری و ئارامیدا کۆچ دەکا, کەچی لە رێی کۆچدا دەمرێت و گیان دەسپێرین بە چارەنووس.

*/(الدموع تذيب الثلج ) شانۆنامەیەکی نوسەر زیاد عابد – ە لە کتێبی (تمر وتين وحنين )